# بۆتە ئامرازێك بۆ سەرهەڵدانی كێشە كۆمەڵایەتییەكان




كچێك: ئافرەت بۆتە قوربانی خراپ بەكارهێنانی مۆبایل لەلایەن پیاوانەوە.

ئا: ئاسۆ

مۆبایل ئەو خزمەتگوزارییە گرنگەیە كە توانیویەتی خزمەتێكی بەرچاو بەمرۆڤایەتی بگەیەنێت، ماوەی چەند ساڵێكە ئەم خزمەتگوزارییە هاتۆتە وڵاتەكەمان و كارئاسانییەكی زۆر و خزمەتێكی دیاری بەهاووڵاتیانی كوردستان كردووە.

بەلاّم جێگەی داخە مۆبایل لە وڵاتی ئێمەدا وەك ئامێرە خزمەتگوزارییەكانی تر بۆكاری نادروست و نەگونجاو لەگەڵ ژیانی شارستانی بەكاردێت، هەنووكە لە كوردستان مۆبایل كێشەی گەورە گەورە دەنێتەوە تا ئەو ئاستەی خەڵكانێك بەم هۆیەوە ناچار بوون كە مۆبایل هەڵنەگرن لەبەر ئەوەی كێشەی گەورەیان بۆ دروست دەكات.

كەواتە كێشەكانی مۆبایل چین؟: ڕابواردن و ئیهانەكردن، هەڕەشەكردن، وێنەگرتنی بیٚ مۆڵەت بەكامێرای مۆبایل، سوكایەتیكردن بەكەسایەتییە دیارەكانی وڵات كە دواتر لەڕێی بلوتوسەوە بەناوخەڵكیدا بلاّودەكرێتەوە، وێنەگرتنی كرداری سێكسی.

ئێستا خەڵكی بەڕادەیەك نیگەرانن كە پێویست دەكات لایەنی پەیوەندیدار چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە، زۆر كەس لایەنی پۆلیس بەكەمتەرخەم دەزانن لەچارەسەركردنی ئەم كێشەیەدا.

هاوڵاتیان دەربارەی كێشەو موعاناتی مۆبایل بەمجۆرە هاتنەگۆ:

كاك محەمەد عەزیز پیاوێكی تەمەن 56 ساڵە وتی: ماوەیەك لەمەوبەر شەوان تا بەرەبەیان نوكەیان بۆ دەكردم و منیان لێببوو بەكچی چواردە ساڵ، كە تەلەفۆنم بۆ ژمارەكە دەكردەوە بۆئەوەی قسەی لەگەڵ بكەم وەلاّمی نەدەدایەوە تا هەڕەشەم لێكرد ئنجا وازیهێنا، داوا لەحكومەت و كۆمپانیاكانی مۆبایل دەكەم ئەم كێشەیە چارەسەربكەن.

سارا ئازاد وتی: لەم کێشەیەدا ئێمەی کچان گەورەترین زیانمان بەردەکەوێت، زۆرجار چەندین کوڕی بێ ئیش بەردەم قوتابخانەکانی کچان دەگرن و لەنێو سەیارەکانیانەوە بەمۆبایل وێنەی کچان دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە کە دواتر ئێمەی کچان دەبینە قوربانی، من داوا دەکەم حکومەت ئەم کەسانە بگرێت و سزایان بدات چونکە ئافرەت بۆتە قوربانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل.

شلێر مەجید دەڵێ: کچان و ژنانی کورد تووشی هەر کێشەیەك بن ئەگەر بێ تاوانیش بن مادام ئافرەتن گەورەترین تاوانبارن، من سەد جار خۆزگەم خواستووە ژن نەبوومایە، نەیاسا، نەئاین، نەدەوڵەت نەکۆمەڵگە پشتیوانی لەژن ناکات لەم وڵاتەدا، بۆخۆم ئەوە چەندین جارە کوڕێك کە نەدیومەو نەدەیناسم تەلەفۆنم بۆ دەکات دەڵێت ئەگەر ڕازی نەبیت بۆ ......... وێنەم گرتوویت بەمۆبایل و بڵاوی دەکەمەوە لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنەکەتدا، ناشتوانم بەکەسوکارەکەم بڵێك چونکە کێشەم بۆ دورست دەبێت، دەبێت لەلایەن دەزگای پۆلیسەوە شوێنێك هەبێت بتوانین شکاتی تیا بکەیت و ئەو کەسانەی تیا سزابدرێت.

هەرێم ئەحمەد دەڵێ: ئامێری مۆبایل بۆ خزمەتکردنە نەك بۆ سوکایەتی و خراپە کردن. بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە هەرچی ئامێرێکی تازە دێتە ناومانەوە لەپێشدا کاری خراپەی پێ دەکەین، سوپاس بۆخوا بەس نییە بۆمبی ئەتۆمی و چەکی گەورەمان نییە ئەگینا قڕمان دەخستە ناو خۆمانەوە، داوادەکەم حکومەت یاسایەك دەربکات بۆ سزادانی ئەو کەسانەی مۆبایل بۆکاری ناشیاو بەکاردەهێنن.

سەروەر عومەر دەڵێ: سەرەتا داوا لە حکومەت و پۆلیس دەکەم چاودێریی ئەو دوکانانە بکات کە مۆبایل دەفرۆشنو ئەو کارانە دەکەن کە تایبەتە بەمۆبایل.




بڕۆ سەیری بازاڕ بکە بزانە لەو دوکانەی بەردەرکی سەرا چی نووسراوە بەلافیتە نووسراوە دەنگی کچ دەکەین بەکوڕو کوڕیش دەکەین بەکچ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە حکومەت کەمتەرخەمە و سستە.

یان هەندێك شتی بێ مانا بڵاودەکرێتەوە هەر لەفیلمی سێکسەوە تا دەگات بە گاڵتەکردن بەکچانی کورد و بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان و سوکایەتیکردن بە پەیامنێرانی کەناڵەکانی کوردسات و کوردستان و ئیهانە کردن بەسەرکردەکانی وڵات کەبەڕاستی هەق نییە پۆلیس لێی بێدەنگ بێت.

شنە ڕەحیم دەڵێ: مۆبایل هەرچی پێ بکرێت کێشە نابێت بەڵام ئەوە کێشەیە کە ڕەسمی ئێمەی کچانی پێدەگرن و دواتر قسەی ناشیرین دەخەنە پاڵمان و بڵاوی دەکەنەوە.

ئاخر کچێك گوناهی چییە کە لەبازاڕدا دەڕوات کوڕێك وێنەی دەگرێت و بڵاویدەکاتەوە یان وێنەکە وەك زەخت بەکاردەهێنێت بۆئەوەی کچەکە ڕازی بکات، ئەو جۆرە کەسانە هەر سزایەکیان بدرێت هێشتا هەر کەمە.

*ئایا دەزگاکانی پۆلیس بەسن بۆ ڕێگرتن لەم کێشەیە؟ ئایا ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چییە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەباش بەکارهێنانی مۆبایلدا؟

**مامۆستا نەجمەدین دەڵێ: کەناڵەکانی راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان زەربی سفرن، هەر خەریکی گۆرانی لێدانن، بەراستی ئەگەر پێشبڕکێ بکرێت بۆ خراپترین کەناڵ لەجیهاندا کەناڵە کوردییەکان بەیەکەم دەردەچن لەخراپیدا.**

**نازم حەمە عەلی دەڵێ: پێویستە لەباتی ئەو هەموو گۆرانییەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کە خەڵك زۆر تەماشایان دەکات بیر لەچەند بەرنامەیەك بکەنەوە تایبەت بەم کێشانە، چونکە کێشەی مۆبایل بۆتە قورسترین کێشە، ئەگەر کەناڵەکانی راگەیاندن ئەم کارە بکەن و خەڵك هۆشیار بکەنەوە ئەگەر کچێك یان کەسێك تووشی گرفتی مۆبایل بوو دەتوانیت چارەسەری بکەیت بەتایبەتی کچان کەزیاتر تووشی کێشەی لەمجۆرە دەبن و ناتوانن ئەو مەسەلانە لای کەسوکارەکانیان باس بکەن، بەگشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چالاك نەبوون.**

**خۆشی ڕەمەزان دەڵێ: داواکارم لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبری ئەو هەموو شتەبێ تامانە بەرنامەی هۆشیارکردنەوە دابنێن چونکە خەڵك لەوڵاتی ئێمە زۆر دواکەوتووە، چەندین خەڵکی شارەزاو پسپۆر هەیە لەبواری نەخۆشییە دەروونییەکان خەڵکی رۆشنبیرن دەتوانن کاریگەریی لەسەر خەڵك دابنێن کە چیتر ئەو کارە خراپانە بەمۆبایل نەکەن، هاوکاتیش ئەگەر کەسێك تووشی کێشەی وابوو کەسوکارەکەی تووشی کێشەی گەورە نەبێت، من جارێکی تر داوا لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەم بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان گرنگی بەم مەسەلەیە بدەن.**

**ناز خالید دەڵێ: کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رۆژنامەو ڕادیۆکان هەموو بوون بەسیاسەت و گۆرانی ئیتر بەهیچ شێوەیەك بەلای کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ناچن ئەگەر پێشتر بەرنامەی هۆشیارکردنەوە هەبوایە ئێستا ئەو کێشانە زۆر کەمتر دەبوونەوە، وڵاتی ئێمە دنیایەك کێشەی کۆمەڵایەتی تیایە بەڕاستی دەبێت کەناڵەکان لەئاست ئەوەدابن کە خەڵکی داوایان لێدەکات.**

**م. ساڵح کەریم دەڵێ: بەڕای من نەك کەناڵەکانی راگەیاندن بەڵکو پێویستە لەڕێی وەزارەتی ئەوقافەوە داوا لەمامۆستایانی ئاینی بکرێت کە لە مزگەوتەکانیشەوە خەڵك هۆشیار بکرێتەوە و ئەگەریش کێشەیەك بەهۆی مۆبایلەوە ڕوویدا بەعاقڵانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و نەبێتە هۆی کێشەی زۆر گەورە و مرۆڤی تیا بکوژرێت.**

**دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەریەك لەم هاوڵاتیانە بۆمان دەرکەوت کە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە بەرنامەو هەماهەنگی هەموو لایەك هەیە لەپێشەوە دەزگای پۆلیس و نێوەندەکانی راگەیاندن بەشی شێریان لەچارەسەرکردن و بەرەو ڕوو وەستانی ئەم کێشانە بەردەکەوێت و هەتا ئێستاش خەڵك پۆلیس و دەزگاکانی راگەیاندن لەم ڕووەوە بەکەمتەرخەم و خەمسارد دەزانن.**